یاساکانی

# کارکردن




32847

نووسینی: ڕیچارد تێمپلەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەبوبەکر شیوەڕەزی

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

١٥٠
٤٥٦ ش




**ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: نارامی ملا محمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گوزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردان.

**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

**Email:** bookadiban@gmail.com

**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

زانکۆی سۆران
کتێبخانەی گشتی
بەش: .....
ڕێکەوتی تۆمارکردن: / / ٢٠
ژمارەی تۆماری کتێب
32847
ناسنامەی کتێب

ناونیشان: یاساکانی کارکردن.

نووسەر: ڕیچارد تێمپلەر.

وەرگێڕانی: ئەبوبەکر شیوەڕەزی.

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی.

نۆرەی چاپ: چاپی دووەم.

هەڵەچن: موحەممەد قارەمان.

بڵاوکەرەوە: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.

ساڵی چاپ: ٢٠٢٠ میلادی.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (١٢٥٣) ساڵی (٢٠٢٠) پێ دراوە. ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

## پێشەکی:

سەرەتا، لە قوولایی دڵمەوە سپاسی خودای گەورە و میهرەبان دەکەم کە وەک هەمیشە لە کارەکانمدا هاوکار و هاندەرم بووە. بێ گومان هەموو مرۆڤێک هەستی خۆشەویستیی هەیە، ئەم هەستە مرۆڤەکان وابەستەی یەکتر دەکات و وایان لێ دەکات هەمیشە لەپێناو یەکتر کار بکەن و بجەنگن. سۆز و میهرەبانی لە ناویندا دێتەبوون و گیانی هاوکاری و پشتگیری لە قوولایی ناخیاندا چەکەرە دەکات.

نووسەر لەم کتێبەیدا ئاشنای چەند یاسایەکمان دەکات دەربارەی کارکردن. بێ گومان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا هەریەکێک لە ئێمە سەرقاڵی کارێکە، جا کەم تا زۆر هەندێک لە ئێمە بە کارەکەمان دڵخۆشین و هەندێکیشمان بە ناچاری لەگەڵی ڕێ دەکەین. بەڵام ئەگەر دڵخۆش بین بە کردنی کارەکەمان یان هەر لەگەڵی گوزەر بکەین ئەوا دەبێت ئێمە کۆمەڵێک سیفەتی جوان بەرجەستە بکەین سەرەتا بەرانبەر بە خودی خۆمان، پاشان هاوپیشەکان و بەڕێوەبەر و سەرتاپای کۆمەڵگە.

بێ گومان هەر پیشەیەکمان لە بەردەستدا هەبێت و سەرقاڵی هەر کارێک بین نابێت دەستەوەستان بوەستین و لە چوارچێوەی ئەو کارەدا گیر بخۆین، بەڵکو دەبێت ئێمە چاومان تیژ بێت و بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزیمان بەرەو لووتکە ڕێ بکەین، جارجارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت لە میانەی هەنگاوەکانمان دەکەوینە چاڵەوە و گیر دەخۆین بەڵام دەبێت ئەمە زیاتر ناخمان پڕ بکات لە بڕوابەخۆبوون و بیروهزرمان لە ئومێد و هیوا و گەشبینی پڕ بکات.

لە سەروبەندی چاوبڕین لە بەرزبوونەوەی پلەمان لەو پێگەیەی کە تێیدا گوزەر دەکەین دەبێت خۆمان لە کۆمەڵێک شت بەدوور بگرین و وریا بین نەکەوینە تەڵەوە. کەسێکی فێڵزان و بە قسەوقسەڵۆک و خراپەکار نەبین و لەسەر حسابی کەسانی دیکە بزە لە سەر

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

لێوەکانمان پیاسە نەکات. بەڵکو دەبێت ئەوەندەی بکرێت کارەکەمان بە دڵسۆزی و بە جوانی بکەین و لە کات و ساتی خۆیدا تەواوی بکەین.

ئەم یاسایانە، زۆر گرنگ و ناوازە و مانادارن. هەریەکێک لەمانە لە کارەکەماندا بەرەو دورگەیەکی خۆشی و ئاسوودەییمان پەلکێش دەکەن. بەڵام تەنیا خوێندنەوەیان گرنگ نییە، ئێمە پێویستە کارێکی ئەوتۆ بکەین کە لە ئاکار و ڕەفتارمان و پیشەکەماندا پڕشنگ بداتەوە. ببین بە پەیڕەوکاری ئەم یاسایانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشی و نەهامەتییەکان و هەنگاونان بەرەو مەنزڵگەی بزەو خەندە لە چوارچێوەی کارەکەماندا.

بێ گومان ئەم یاسایانە خاوەن بەها و بایەخی خۆیانن، دەکرێت تۆ وەکوو خوێنەر جێگەی ڕازی دڵت بن و بیانکەی بە پێشەنگی ژیانی خۆت. دەشکرێت لێدوانت لەسەریان هەبێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر ئێمە وەکوو خوێنەر ئەم یاسایانە بە وردیی بخوێنیتەوە و لێیان تێبگەین پاشان پەیڕەویان بکەین، ئەوا دڵنیا بە کەسێکی کراوە و تێگەیشتوو و پێگەیشتوومان لێ دروست دەبێت و هەمیشە هەست بە ئەرێنی دەکەین. بێ گومان تەنیا کتێبی خودا بێخەوش و کەموکوڕییە، بۆیە لەسەروبەندی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا ئەگەر هەر سەرنج و تێبینییەکتان هەبوو ئەوا دەتوانن ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەم ژمارەی خوارە هەڵە و پێشنیارەکانتان بە دیاریی بۆم بنێرن. بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا کاری ناوازە و جوانتر پێشکەش بە ئێوەی خوێنەری هێژا و خۆشەویست و زێدە ئەزیز بکەین. ئەم پەرتووکە لەسەر داوای ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان بەکوردی کراوە.

وەرگێڕ: ئەبوبەکر شیوەڕەزی
٠٧٥٠١٩٤١٩٩٥
قەڵادزێ-پشدەر (٦-٨-٢٠١٨)

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library